مالیکی: پێویستە فراکسیۆنە سیاسییەکان بەرپرسیارێتی چاکسازییەکانیان بگرنە ئەستۆ

نوری مالکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دوپاتیکردەوە کە چەک دەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بێت، لە کاتێکدا جەختی لەوەکردەوە کە پێویستە فراکسیۆنە سیاسییەکان بەرپرسیارێتی چاکسازییەکانیان بگرنە ئەستۆ.

نوری مالکی، ئەمڕۆ شەممە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، "ئێمە بڕوامان وایە کە هیچ دەوڵەتێک بە یاسا نییە و هیچ وڵاتێک بە دامەزراوە پێشناکەوێت، عێراق دەبێت ئازاد و سەروەر و سەربەخۆ بمێنێتەوە". ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا و لە سایەی گرژییەکاندا، پەیامی دڵنیایی دەبەخشێت، و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسییە لە تێپەڕاندنی زۆرێک لە کێشەکانی دوای ڕوخانی ڕژێم. بۆیە پێویستە فراکسیۆنەکان بەرپرسیارێتی چاکسازی دامەزراوەکان بگرنە ئەستۆ".
مالکی باسی لەوەشکرد، "بەشداریکردنی بەرفراوان، نیشاندەری ڕادەی پابەندبونە بە یەکێتی نەتەوەیی. هەروەها چەک دەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بێت و ئاسایشیش تەنها بە بەهێزی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان دەپارێزرێت".
مالکی بانگەوازی لە لایەنە سیاسییە کێبەرکێکارەکان کرد کە "بەرزترین ئاستی بەرپرسیارێتی بگرنەبەر و

ک□ب□ک□ ن□ب□ت□ گ□□□پان□ک ب□ هاندان و فیتن□"، د□ش□یت، "پ□رل□مان بزو□ن□ری پر□س□ی سیاسی□ و
ل□پرسین□و□ ل□ حکوم□ت د□کات".